# فەرمانگەی پشکنینی توتن لە ڕانیە

فەخریە ئیسماعیل

بێگومان کوردستان تاکە ناوچەیەکی بەناوبانگ و سەرکەوتووبووە لە عیراقدا، واتە هەرکاتێك باس لە توتن دەکەین لە کوردستاندا ،واتە لە عیراقدا باسی لێدەکەین.
مێژووی توتن دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی سی یەکان لە سەدەی بیستەمدا. لە سەرتادا شێوەی چاندنی توتن لە کوردستان، شێوەیەکی سەرەتایی لەخۆگرتبوو وەکو هەموو شوێنەکانی تری جیهان - لە دوای ئەم قۆناغەش- فەرمانگەی انحصاری تووتن دامەزراەی کە بەشێکی -بەشی کشتوکاڵی بووە واتە بەشی چاندن و چاککردنی توتن - کە ئەمەش بریتی بوو لە تاقیکردنەوەی زانستی -بەشی دووەم بەشی پیشەسازی واتە بازرگانی کڕین و پوختەکردنی توتن و دروستکردنی جگەرە بووە-. هەروەها لە قۆناغی سێیەمدا فەرمانگەی انحصاری توتن بەشی پیشەسازی و بازرگانی یەکەی کراوە بە ئیدارەی کارگەی جگەرە- بەشە کشتوکاڵی یەکەی بووە بە فەرمانگەی چاندن و چاککردنی توتن .
توتن لەوبەرهەمانەیە کە لەوەرزی هاویندا بەرهەم دەهێنرێ ،هەر لە ساڵەکانی سی یەوە تاکە فرۆشی توتن لە ریزی ئەو بەرهەمانە بووە کە لە کوردستندا بەرهەم هێنراون. هەرچەندە توتن لە رووی تەندروستیەوە زیانیکی زۆری بۆ مرۆڤ هەیە، بەلأم لەگەڵ ئەوەشدا لە ریزی ئەو داهاتانەیە کە زۆربەی برا جوتیارەکان بژێوی خۆیانی پێ چاك دەکەن .
زۆربەی دانیشتوانی کوردستان خەریکی کشتوکاڵ کردنن، توتنیش یەکیکە لەم بەرهەمانە کە بەشیکی زۆری جوتیاران پیوەی خەریکن .
ناوچەی بیتوین هەر لە کۆنەوە بە توتن بەناوبانگە ، لەبەر ئەوەی ئاوی قولەو کانی قوڵکەو دۆڵی سەرکەپکان و ئاەی سەروچاوە و باقی ئاوەکانی دی ئاودێری دەشتە بە پیت و بەرەکەتەکەی دەکەن .
جوتیاران لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستانەوە هاتوون بۆ دەشتی بیتوێن بۆ توتن کردن،ئەو کاتە جوتیار خاوەنی زەوی خۆی نەبوو، ناچار دەبووکە زەوی لە خاوەن زەوی یەکان وەربگرێ، جا یان بە سێیەك یان بە نیوەیی، هەندێك لە جوتیارە نەدارەکان هەر لەسەرتای پایزەوە پارەی لە خاوەن زەوی یەکان قەرز دەکرد بەو مەرجەی ساڵیداهاتوو تووتن بۆ ئەو بکات بە نیوەیی یان سێیەك، بەگوێرەی ڕێککەوتنی نێوان خۆیان، واتە جوتیار بە شینیی بەرهەمی رەنجی ئەو ساڵەی دەخوارد.
دوای ئەوەی توتن بەرهەم دەهات دەیانهێنایەوە بۆناو رانیە، لە سێ شوێنی جیاجیا کۆدەکرانەوە یاخود لەماڵی خاوەن زەوی تا ئەو کاتەش دەفرۆشرا بە تاجرەکانی کۆیە یاخود دەبرا بۆ فەحس کردن لە کۆیە ، چونکە وەوکاتە لە ساڵی ١٩٣٧ فەحس تەنها لە کۆیە هەبووە. دوای فرۆشتنی توتنەکە حساب و کتابی جوتیارو خاوەن زەوی دەکرا ،
جوتیاریش لە بەرهەمی ئەو ساڵەی یان قەرزدار دەبۆوە یان هیچی بۆ نەدەمایەوە ، دوای ئەوەی کە خاوەن زەوی قەرزەکەی و ئەو مەسرەفەی کراوە هەڵیدەگرتەوە .
توتن لە ناوچەی رانیە لە دوو مەخزەنی گەورەی ئەو کاتە دادەنرا، مەخزەنی عەلی بەگ کە ئێستا شوێنی پرسەیە لە تەنیشت مزگەوتی گەورە و مەخزەنی شێخ حسێنی بۆسکین کە ئێستا شوێنی قەیسەری کوردستانی نوێیە.
فەحسی توتن لە ساڵی ١٩٣٧ لە کۆیە بووە ، هەر لەبەر ئەوەش بووە کە زۆربەی دانیشتوانی کۆیە بە کڕینی توتنەوە خەریك بوون و توتنی ناوچەی رانیەیان کڕیوە و بردوویانە بۆ کۆیەو کەرکوك و موسڵ و بەغدا.



لە ساڵانی ١٩٤٢ -١٩٤٣ -١٩٤٤ فەحسی توتن لە رانیە کرایەوە ،خەڵکی توتنەکانیان لە رانیە فەحس دەکرد،بەلأم لەبەر چەند هۆیەك گواستیانەوە بۆ کەرکوك و سلێمانی ،دوایی دوبارە گەڕایەوە بۆ رانیە.
کێشی یەك فەردە توتن (١١٠ کگم تا ١٢٠ کگم ) بووە و لە (٨٠کگم ) کەمتر نەبووە.لە ساڵی ١٩٤٥ بریاردرا دائیرەی انحصار لە رانیە دروست بکرێت لەلایەن حکومەتی ئەو سەردەمە ، بیناکەی بەردو گەچ بوو، سەرەکەشی بە شێلمان و قوڕ گیرابوو، هەروەها